# ئاوڕێك لە گۆڤاری هەفتانەی نزار

لێدوانی: سەردار فەتاح ئەمین

لە چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و لە ئامادەکردنی مامۆستا ڕەفیق سالح و لێکۆڵینەوە و پێرستکاری کاك (سدیق سالح) ی برای لە بەرگێکی قەبارە گەورەی (626) لاپەڕەیی قەشەنگدا، هەر (22) ژمارە عەرەبی و کوردی‌یەکەی گۆڤاری نزار، بە هەوڵ و کۆشش و پاکردنەوەی بە کۆمپیوتەر لە لایەن هومەرمەند قادر میرخانەوە، بە تیراژی (400) دانە، بە ئۆفسێتی دەزگای سەردەم و لە چاپخانەی تیشك لە نیسانی ساڵی 2000 لە سلێمانی لە ژێر چاپ دەرهات.

ئەم بەرهەمە زیندووکردننەوە و ساغکردنەوەی، گۆڤارێکی بەنرخی سیاسی سەردەمێکی مێژوویی و ناسکی گەلەکەمانە، کە بە زمانی کوردی و عەرەبی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردستانی گەیاندووە و خەباتێکی بێ پسانەوە و لێبڕاوانەی دژی داگیرکەر و ئیستعمار بەرپاکردووە کردووە.

ئەم گۆڤارە کۆمەڵێکی زۆری نوسەران و ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە ڕەنج و شەونخونیان، لەگەڵدا کێشاوە. ئەو چەند ژمارەیەی کە لێی بڵاوکراوەتەوە لە نێوان 30/3/ 1948 تا 15/2/1949 بووە و دەبوایە وەك لەسەر گۆڤارەکە نوسراوە هەفتانە لە بەغدا دەرچوایە، لە کاتێکدا بەهۆی وەسبەی ساڵی 1948 و لەسەر کار لابردنی وەزارەتەکەی سالح جەبر بە هۆی ئەو ڕاپەڕینانەی گەلانی عێراقەوە جۆرە ئازادی‌یەك لەو سەردەمانەدا بەرپا ببوو. بەڕێزان مامۆستا عەلادین سوجادی وەك خاوەن و سەرنوسەری و مەحمود سنەوی وەك بەڕێوەبەر و لێپرسراوی نزار بەرێك و پێکی ئەم (22) ژمارەیەیان دەرکردووە. وەك یەکەم گۆڤاری سیاسی کوردی و عەرەبی ئەو سەردەمە و چەندان نوسەری ناسراو و قەڵەم بەبڕشتی کورد و عەرەبی ئەو سەردەمە بەشداری نوسینیان تێدا کردوە، وەك مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی و محەمەد مەهدی جەواهیری چەندانی تر.

بەم ساغکردنەوەیەی گۆڤاری نزار دەستپێکی یەکەمی پرۆژەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بۆ بە دواهاتنی زیندوکردنەوەی گۆڤاری و ڕۆژنامە کوردی‌یەکانی تری ڕابردوو هەنگاوی جدی بۆ نراوە. نرخێکی گەورەی ئەم بەرهەمە ساغکردنەوە و ناساندنی بەشێکی زۆری نوسەران و کارمەندانی ئەم گۆڤارەیە بە توێژینەوەیەکی تێروتەسەل پیشاندانی ئەلبومێکی فۆتۆگرافی وێنەی هەندێ لە نوسەرانی بەشداری گۆڤارەکە.

مامۆستا ڕەفیق سالح ئامادەکاری ئەم گۆڤارە لە سەرنجێکی پێویست دا دەڵێ:

کارێك کە دەبوو ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا بیکەن، چاپکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی‌یەکانی زوومانە. لەم ڕووەوە چەند هەوڵێکی بەرچاومان هەن، جێی ڕێزلێنانن. لێکۆڵینەوە لە هەر ماوەیەکی ئەو سەد ساڵەی ڕابردووی کورد، بە بێ چوونەوە سەر ڕۆژنامەنووسی کوردی کەلێنی تێدەکەوێ.

کاك سدیق سالحیش لەو (53) لاپەڕەی لێکۆڵینەوە و پێرستکاری‌یەدا بەم شێوەیە گۆڤارەکەی ناساندووە و بە ناونیشانی (نزار یەکەمین گۆڤاری سیاسی کورد لە عێراقدا ) ئاماژەی کردووە کە:

- بەرگی دەرەوەی گۆڤاری نزاری حەفتەیی، چۆن نوسراوە و چی تێدا نوسراوە، قەوارەی گۆڤارەکە کە (30X 22,5) سم بووە، خستۆیتە ڕوو هەروەها (24) لاپەڕە بووە و لە چ ڕۆژێکی مانگدا دەرچووە و چۆن هەندێك جار دواکەوتووە، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە، ئەو ماوەیەی گۆڤاری نزار دەرچووە، هەر هەمان خاوەنی نزار، بەڕێوەبەری ئیدارەخانە و نوسینی گۆڤاری گەلاوێژیش بووە.

- هەرچەندە لەسەر گۆڤارەکە نوسراوە حەفتانە دەردەچێ، پاشتر تەنگ و چەڵەمەی چاپ و چاودێری توند و سانسۆر و و هەڵنەسوڕانی خەرجی گۆڤارەکە، کارێکی ئەوتۆیان کردووە نەبێتە هەفتانە.
- کاك سدیق ساڵح هاتووە بە گوێرەی فەرهەنگە کوردی‌یەکانی مامۆستایان شێخ محەمەدی خاڵ و هەژاری موکریانی و تۆفیق وەهبی بەگ و ئەدمۆنز — الهدیە الحمیدیە فی اللغە الکردیە— و مەردۆخ ووشەی نزاری لێکداوەتەوە و گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە (نزار) مانای (بەرڕۆژ) ناگەیەنێ، وەك خاوەن گۆڤار مەبەستی بووە، بەڵکوو بریتییە لە دیوی سێبەری شاخ کە هەتاو نایگرێتەوە" نوسەر پشتی بەو فەرهەنگە دیارانە بەستووە کە ناومان بردوون، بەڵام ئاماژەی بەوە نەداوە، ڕەنگە مەبەستیان مانا عەرەبی‌یەکەی (نزار) بێت لەبەر ئەوەی گۆڤارەگە زۆربەی نوسینەکانی عەرەبی بووە.
- ناو و ناونیشان و چەند سەرباسێکی نوسینەکانی نزار صەبری هیلالی خۆشنووس نوسیوێتی.
- وێنەی بەرگی دەرەوەی زۆربەی ژمارەکانی نزار بە قەڵەمکێشی‌هونەرمەندی کوردی ناسراو بەدیع بابەجان کێشراوە ناوبراو، خاوەنی وێنەی قەڵەمکێشی هەموو شاعیرە کۆنە کوردەکانی ناو مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلادین سەجادی‌یە.
- هەموو ژمارەکانی گۆڤاری نزار لە چاپخانەی المعاریف لە بەغدا چاپکراوە.
- سەرۆکی نوسین و خاوەنی ئیمتیازی نزار مامۆستا عەلادین سەجادی بووە و بەڕێوەبەر و بەر پرسی مەحمود سنەیی بووە، ئەندامانی دەستەی نوسەرانی هەردوو بەشە عەرەبی و کوردی‌یەکە دەست نیشان نەکراون و سەیر لەوەدایە کاك سدیقیش بە تەنها ووشەیەك نالێ ئەم مەحمود سنەی‌یە کێیە، بەڵام وەك بزانم ئەم کەسە، کوڕی شێخ لەتیفی دانسازە.

کاك سدیق ساغکردنەوەی گۆڤاری نزاری بەسەر ئەم بەشانەدا دابەش کردووە و باسی لێوەکردوون.

- نزار یەکەمین گۆڤاری سیاسی کوردە، لە عێراقدا.
- خاوەن و بەڕێوەبەری نووسین و دەستەی نوسەران.
- تاوتوێیەکی گشتی بابەتەکانی ناو نزار.
- ساخکردنەوەی ناوی ئەو نوسەرانەی بە ناوی خوازراوەوە لە نزاردا نوسیویانە.
- پێشینە و سەروبەندی نزار.
- ناوەڕۆکی ووتارەکانی ناو نزار.
- زمان و ڕێنوسی کوردی نزار.
- داخرانی نزار.
- نزار و دەستە براکانی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە.

پیرەمێردی نەمر ، لە وەستانی گەلاوێژ و نزاردا، ئەم دوو گۆڤارەی، بەرز نرخاندووە و دەڵێ: لە هەموو خاکی عێراقدا یەکدوو کۆنە غەزەتە و موجەللەمان بوو کە پێمان ئەگوت صەحافە و سەقافەی کورد. ئەوانیش دەنگیان لە گێتی‌دا نەما. ئەستێرەی گەلاوێژمان لە تاریکستانی جەنگەڵستاندا و نزاری دەغەزاریدا ئاوا بوو.

- پەراوێز و سەرچاوەکان.

سەرنجەکانی کاك سدیق لە ساغکردنەوە و تاوتوێیەکی بابەتەکان بۆ ناوی نوسەرەکانی ناو نزار، بێ هێزی‌یەك دەدا بە لێکۆڵینەوەکەی:

- ئەگەر بیروڕایەکی وەك ئەوەی بەڕێز دکتۆر عیزەدین بکرێت بە بەڵگە کە لە بیرەوەری ڕۆژنامەنووسی خۆیدا نوسیوێتی لە بارەی نوسەرێکی ناو نزارەوە دەڵێ{ (ڤاهر) کوردی نەدەزانی وەك بزانم، یا خۆی یا برایەکی حاکمێکی ناودار بوو لە

مناقەشەی ووتارەکاندا باڵا دەست بوو{. ئەم ئاماژەیەی دکتۆر هیچ ڕوونیەیەك نادا بە دەستەوە و ناتوانێت هیچ زانیاریەیەکی ئەوتۆمان بداتێ.

- هەروەها سەبارەت بە (محەمەد عەلی)یش لە ل 10 دا 4/3/2 بیروڕاکانی بەڕێزان دکتۆر عیزەدین و مامۆستایان هەمزە عەبدوڵڵا و غەفوری میرزا کەریم لە بارەی ئەم کەسەوە ڕوون نیەیە. پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەبوو.
- ئەمانە و لە بارەی پەیامنێری ڕەواندزی نزارەوە کە جەلال خەیلانیەیە، کاك سدیق دەنوسێ دەبێ ئەو جەلال سەعید خەیلانی بووبێ کە ساڵی 1954 مامۆستای ناوەندی تێکەڵی ڕەواندوز بووە. هەروەها لە ژمارە (15)ی نزاردا بابەتێك بە ناوی شێرکۆ وە بڵاوکراوەتەوە، بە ڕەنگە دراوەتە پاڵ مامۆستا شاکیر فەتاح.

سەرەڕای ئەمانەش کارەکەی جووتە برا مامۆستا ڕەفیق ساڵح ئەحمەد و سدیق ساڵح ئەحمەد کارێکی بوێرانە و شاکار و شایستەیە، دڵسۆزی ئەم دوو برایە بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری و ساغکردنەوە و زیندوکردنەوەی کەلەپور و ئەرشیفی گەلەکەمان کارێکی بالای لەبن نەهاتوو بێ پسانەوەیە، ئەگەر بشێ بۆم بە هەقی خۆمی دەزانم پیرۆزبایی و دەستخۆشیان لێ بکەم و دەڵێم با هەر دەست و خامە ڕەنگین بن و قامکیان نەڕزێ لێرەدا بۆ یادێکی مامۆستا ئەمین زەکی بەگ کە لەیەکەم ژمارەی گۆڤاری نزاردا بە ناونیشانی (ئامۆژگاریمە بۆ نزار) نوسیوێتی:

زۆر دەمێکە کە کورد لە باسی سیاسەت و نوسینی مەحروم بوو، وا تۆ ئەمجارە بە ئیزنێکی حکومی ئەم ئیشەت گرتە ئەستۆ و هیوام وایە، لە عەودەتی دێیت. وەکو من لێکی ئەدەمەوە ئەم ئەرکە ئەوەندە گران نیە ئەگەر بێت و لە لێکدانەوە و نوسیندا هەڵەشەیی نەکەی و هوڤەکەت * تەنیا چاکەی وولات و هاو وولاتت بێ. وە قەت شوێنی ئیفرات و تەفریت مەکەوە. وە لە هەموو وەختێکدا موعتەدیل بە.

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە ئامۆژگاریەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: بۆ ئەوەی چەند کەسێکت لێ ڕازی بێ مەکەوەرە ئیفرات و تەفریت، دائیما ڕوو لە ئیعتیدال بە. قەت بۆ تەفرەقە و دوژمنایەتی هەوڵ مەدە. هەمیشە هەوڵ بدەبۆ تەئیدی برایەتی و کوشتنی دوودڵی و دوژمنایەتی . بەم ڕەوشتە پشتی ئیستعمار و دەس وپێوەندی ئەتوانی بشکێنی. لە غیرە پەرست و عەبدی مەنفەعەت خۆت بپارێزە. قەت داوای خزمەتیان لێ مەکە چونکە معاوەنتیان زاهیری و بی فائیدەیە حەتا زۆر جار زەرەری لێ ئەبینی. ئەگەر ئەم ئامۆژگاریەی من بگریتە گوێ و لەسەری برۆی ئومێدم هەیە کە خواوەن تەعالا لەگەڵت ئەبێ و توشی نشستی نابی*.

---

- بە ڕێنوسی ئێستا بەڵام دەقەکە خۆی چۆن نوسراوە دەستکاری نەکراوە.